کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-8-2007 0:11 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## گۆڕانی هزری گرینگە... گەلاوێژ بابان

چەند هەنگاوێک بەیەک هەنگاو هەڵناهێنرێ!! بۆ گەیشتن بە جوانترین و باشترین هەنگاو، پێویستە هەنگاو هەنگاو پێ هەڵبێنی.



لە تاریکیەوە ڕووەو ڕووناکی مل بنێی، پێویستە سەر بڵند بکەی و ووردە ووردە چاوەکانت هەڵبێنی.
ئەمڕۆ هەر یەک لە ئێمە کەم تا زۆر پلەکانی خوێندنی خوێندوە و کاریگەری بۆ سەر هزر و مانای تێگەیشتنی لە ژیان لا دروست بووە.
لە ئەنجامی بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆجیای سەردەم و زانستی بەردەوام، زۆر کەس سوود مەند بووە، دیموکراتییەت و مانای تەواوی بەکارهێنانی دیموکراتییەت، یەکێکە لەو زانستانەی کە ئەمڕۆ پیادە ئەکرێ، بەڵام بەرجەستە کردنی بە کردەوە و پڕاکتیزە کردنی بە دروستی.
کێشەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی، خۆدزینەوەیە لە ڕاستییەکان!!
توانای قسەکردنمان هەیە لەسەر هەر بابەتێک زیاد لە چەند کاتژمێرێک، بەڵام تا چەند لەو قسانەی کە کردوومانە جێ بەجێی ئەکەین! گرفتی هەرە گەورەی کۆمەڵگای ئێمە ئەوەیە کە کارەساتێک ڕوودەدات، ماندوو نابین ئەگەر شەو و ڕۆژ دە بارەی بکەینەوە و باسی لێوە بکەین! بێ ئەوەی ئاماژە بۆ ڕێگە چارە و دەست نیشان کردنی هۆکارەکانی ئەو ئاریشەیە ببەین! ئەمڕۆ لە کوردستاندا کوشتنی ئافرەتان بووەتە مایەی نیگەرانی و دیاردەیێکی ناشارستانی، وەک لە دەزگاکانی بینین و بیستنەوە باسی لێوە دەکرێ!
لە پەڕتووکەکەی (د. گوینتەر دێشنەر) کە زانایێکی ئەڵمانییە و لە زانستگاکانی ئەڵمانییای فیدراڵی و بەلجیکادا، بابەتی مێژوویی خوێندوە. لە سەردەمی کاری ڕۆژنامەگەریدا سەری کوردستانی داوە و بایەخی تایبەتی بە مێژووی کورد و ئەو کارەسات و مەینەتیانە داوە کە کورد پێوەی گیرۆدەن، هاتووە... ئاماژە بە کتێبەکەی (ئوستن هنری لایارد) ی لە دایک بووی فەڕەنسا و پەروەردەی بەڕیتانیا، داوە کە (لایارد) باس لەو ئەزمون و تاقیکردنەوانەی کە تۆماری کردوە لە سەردانە دووروو درێژەکەی بۆ کوردستان دەکات، ئەم کتێبە لە ساڵی 1836 دا بە ناوی (کاتێ لە کوردستان بووم، چیم بینی) بڵاوکراوەتەوە و ئەڵێ ـ ئافرەت لە کوردەواریدا ڕۆڵی هاوتای ڕۆڵی پیاو دەبینێ، کورد هەڵوێستی تایبەتییان لە مەڕ ئافرەت هەیە کە لە کوردەواریدا ئازادییێکی دیاری هەیە، ئەم ڕاستییە لای عەرەب و تورکە عوسمانییەکان نابینرێ! ئەمە لە کاتێکدا کە کوردیش وەکوو عەرەب و تورک لە باوەڕی ئاینەوە موسڵمانن، تەنانەت هەر ڕێبوارێکی ئەوروپایی ڕێی بکەوێتە ئەم ناوچەیە، زوو بۆی دەرئەکەوێ کە دەشێت قسە لەگەڵ هەر ئافرەتێکی کوردا بکرێ بێ ئەوەی پیاوی لەگەڵدا بێت، لەهەمان کاتدا زۆر زەحمەتە لەگەڵ ئافرەتێکی عەرەبدا بکرێ.
هەروەها (لایارد) نوسیویەتی و دەڵێ... سەرۆک هۆز لەماڵ نەبوو ژنەکەی میوانداری کردین، ئافرەتانی بێ پەچە و عەبا، کایان بۆ وولاخەکانمان هێنا، سەرپەرچەمی ڕازاوە بە مووروو و قژیان لە شێوەی پرچی درێژدا هۆنیبووەوە و هەر یەکەیان نموونەیەک بوون لە جوانی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەی ئەگەر پیاوی کورد لەو سەردەمە سەرەتاییەدا ئەم تێڕوانینەی هەبووە بەرامبەر بەژنی کورد!! بۆچی لەم سەردەمە پێشکەوتوەدا بە پێچەوانەوە ڕەفتار دەکات!
ئایا ئافرەت خۆی هۆکارە لە تێنەگەیشتنی مانای دیموکراتییەت و شێوەی بەکارهێنانی؟! یان پیاوی ئەم سەردەمە هەر ئازادییێکی پێ هەرس بکرێ، ماف و ئازادی ئافرەتی پێ قووت نادرێ!!
من ئەڵێم چەپڵە بەیەک دەس لێنادرێ، پێویستە جەمسەری هەردوولا ڕێکخرێ.
وادیارە ئێمەی ژن زۆر بە پەلە هەنگاو ئەنێین بۆ گۆڕانکاریەکانی ئەم چەرخە کە هەندێک لەو گۆڕانە کووتووپڕانە، نە پیاوی ئێمە و نە کۆمەڵگای ئێمە بەلایەوە ئاسایی نییە.
دیموکراتییەت و ئازادی ژن لای هەندێ خودی ئافرەت خۆی نامۆیە و باوەڕی پێی نییە، ئەمە ڕاستییێکە لە کوردستان گوێم لێبوە!! ئەڵێن... پیاویان پیاو ووتوە و ژنیش ژن!! کەوایە خودی پیاو ئەبێ بڵێ چی!!
بەڵام کوشتنی ئافرەت تەنیا لە کوردستان نەبوەتە کێشەیێکی کۆمەڵایەتی، ، بەڵکو لە ئەورووپاش کێشەکە بەربڵاوە! مەبەستم ڕۆژانە ئەو کوژراوانەی کە ئەدۆزرێنەوە خەڵکی وولاتەکەن و بە دەستی (هاوڕێ کوڕەکانیانەوە) و (دۆستەکانیانەوە) و (مێردە کۆنەکانیانەوە) یان کەسێکی نادیارەوە ئەکوژرێن!! کێشەکە نە ناموسە و نە شەرەفە و نە کولتورە و نە ئایینە!!
کێشەی دەست درێژی سێکسی کردنە سەر، بە ڕێژەی 19% بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی پاردا لە وولاتی سوید زیادی کردوە! بە پێی ئاماری **(Brottförebyggandet)** لە نیوەی ساڵی ئەمساڵدا 2300 دەست درێژی سێکسی تۆمار کراوە.
هۆکاری زیاد بوونی کوشتن و دەست درێژی سێکسی بۆ سەر ژنانی کورد دیاردەیێکی تازە نییە!! بەڵام هۆکاری زەقی و زۆری لە کوردستان، ئەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکاری بە پەلەی هەموو میکانیزمەکانی ژیان جگە لە گۆڕانی هزر و بیر و باری دەروونی تاکەکانی کۆمەڵ، ئەمەش گەورەترین هۆکارە بۆ دواخستنی کاروانی بەرەو شارستانی بوونی کۆمەڵگای کوردی!!

سوید / 2007-08-02

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.